هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٤

سالّی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و چوار

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٠٤

# پێڕیست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٠) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٢/٥ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤١) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٣/٤ ل٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٢) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٦/١٧ ل٥٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٣) خولی گواستنەوە – دوو شەممە ٢٠٠٤/٦/١٩ ل٨٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٤) خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٤/٧/٤ ل١٥٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٥) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٧/٢٤ ل١٥٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٨/٧ ل١٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٧) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٢ ل٢٠٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٨) خولی گواستنەوە –سێ شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٨ ل٢٤٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٩) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٥ ل٣٠٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٠) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/١٢ ل٣٤٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥١) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/٣ ل٣٧٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٢) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/١٠ ل٤٤٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٣) خولی گواستنەوە – چوارشەممە ٢٠٠٤/١١/١٧ ل٤٧٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٤) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/١١/٢٠ ل٤٩٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٥)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/١٢/٩ ل ٥٣٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٥/١/١٥ ل ٥٥٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٧)خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٥/١/١٦ ل ٥٨٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٨)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٥/٤/٧ ل ٥٩٠

٢- تنقل كافة الممتلكات والاموال المنقولة وغير المنقولة والسجلات والاضابير والقضايا الى الهيئة.

**المادة الثالثة عشرة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الرابعة عشرة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع اقليم كوردستان).

**المادة الخامسة عشرة:**

ينشر في الجريدة الرسمية.

**د.روژ نوری شاویس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**الاسباب الموجبه**

نظراً للتطورات الديمقراطية التي طرأت على نظام الحكم في العراق وتحوله من دولة مركزية الى دولة اتحادية واعادة ربط اقليم كوردستان العراق بالحكومة الاتحادية وفق اسس النظام الفدرالي المعلنة عنها في قانون ادارة الدولة العراقية وبغية توحيد كافة الاجهزة الامنية في اقليم كوردستان العراق بشكل يستجيب لتحقيق اهداف المرحلة الحالية وتؤدي الى ترسيخ نظام الحكم الفدرالي وبغية جعل الاجهزة الامنية اكثر انسجاماً في اهدافها واسلوب تأدية واجباتها مع العهود والمواثيق الدولية لحقوق الانسان وبغية تسييرها وفق النهج والضوابط والمبادئ الخاصة بها وتنظيم وتوحيد كافة الاجهزة ضمن اطار ونظام موحد ولانهاء مرحلة التنظيمات الامنية الخاصة ووضع حد لممارسة المهام المذكورة من قبل جهات غير حكومية كانت تتطلب ظروف المرحلة السابقة توليها المهام المذكورة ولغرض ايجاد آلية للتنسيق وتبادل المعلومات وتوحيد الجهود الامنية وتحقيق الاهداف المشتركة بين الاجهزة الامنية الفيدرالية والاقليمية فلقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم یاسایەش ئاراستەی لیژنەكانی یاسایی و مافی مرۆڤ و ناوخۆ دەكەین و، لیژنەی یاساییش پێویستە رای هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر وەرگرێت، خاڵی چوارەم خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای دووەم هەمواركردنی یاسای ژمارە(١٤)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)ی دەسەڵاتی دادوەری. فەرموو.

**بەڕێز حسین عارف عبدالرحمن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

رقم القرار:

تأريخ القرار:

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة الخمسين من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٤تشريع القانون الآتي:

## قانون رقم ( ) لسنة
## قانون التعديل الثاني لقانون السلطة القضائية
## رقم (١٤) لسنه ١٩٩٢ المعدل

**المادة الأولى:**

تعدل الفقرة الأولى من المادة الرابعة والأربعون من القانون رقم ١٤ لسنة ١٩٩٢ وتقرأ كالآتي:

١-لا يحال الحاكم على التقاعد إلا بعد إكماله(٧٠)السبعون من عمره ويجوز إحالته على التقاعد بناءً على طلبه عند إكماله الثالثة والستون من العمر وفي كلتا الحالتين يستحق المحال على التقاعد ما كان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل إحالته على التقاعد.

**المادة الثانية:**

يجوز تمديد مدة خدمة الحكام الذين اكملوا سن التقاعد الإجباري لمدة خمس سنوات أخرى ولمرة واحدة فقط.

**المادة الثالثة:**

١-تسري أحكام هذا القانون على جميع الحكام العاملين في اقليم كوردستان.

٢-يجوز إعادة الحكام المحالين على التقاعد قبل نفاذ هذا القانون إلى الخدمة والذين لم يكملوا سن التقاعد الإجباري.

**المادة الرابعة:**

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة الخامسة:**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د. روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین، لەوانەیە میوانەکەمان هاتبێت، جا بۆیە دوو بڕگەمان ماوە دوای دەخەین بۆ دانیشتنێکی تر، ئەویش ئەیخەینە دەنگدانەوە، داوا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەین کەوا دواخستنی بڕگەی پێنج پەسند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاستان دەکەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەست بەرزکەنەوە... کەواتە بە گشتی دەنگ پەسند کرا. هەروەها داوا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەین کەوا دواخستنی بڕگەی شەش پەسند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاستان دەکەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن... بە گشتی دەنگ پەسند کرا. زۆر سوپاستان دەکەین و لە دانیشتنی داهاتوومان ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاستان دەکەین.

**کاکە رەش نەقشبەندی**
**سکرتێری کاتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی- عێراق**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی - عێراق**

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەر کاتێك ئیشێك هەبێ یان بێتە پێشەوە وابزانم ئەولەویەت بۆ پەرلەمانە، لەبەر ئەوە پێم باشترە ئێستا تەحدید بکرێت و ئیشەکەی تر با تەئجیل بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەگەر لەسەر ئەوە رێك بکەوین و دەنگی لەسەر بدەین کەوا دوابخرێ بۆ هەفتەی داهاتوو، ئەو وەختە لەسەر رۆژەکەی هەفتەی داهاتوو رێك ئەکەوین، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو باسە دوابخرێ بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو لە هەفتەی داهاتوو، سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ کەواتە بەگشتی وەرگیرا، دیارە مەبدەئی تەوافق شوێنی خۆی کردەوە ئەوە شتێکی باشە، حەز دەکەم هەمووتان ئاگادار بن و کاك د. ناصح ئێمە لەگەڵ کاك فرسەتدا رێك کەوتین لەسەر ئەوەی کەوا کۆبوونەوەی داهاتوو رۆژی سێ شەممە بێت، رۆژی سێ شەممە سەعات دە لێرە و هەر ئەشینووسین و بلاوی دەکەینەوە، بەڵام لەوانەیە دوو رۆژ پێشتر بلاوی بکەینەوە، بەڵام ئێوە خۆتان ئامادە بکەن کە رۆژی سێ شەممە سەعات دە لێرە ئامادە بن، ئێستا دەچینە سەر خاڵەکانی تر، خاڵی چوارەم خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای دووەم پرۆژەی هەموارکردنی یاسای ژمارە چواردەی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی دەسەڵاتی دادوەری، فەرموو پرۆژەکە پێشکەش بکەن.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش دەقی پرۆژەکە دەخوێنمەوە پرۆژەی یاسای دادوەری ژمارە چواردەی ساڵی ١٩٩٢:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم الاصدار:**

**تاريخ الاصدار:**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة و الخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان- العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٤ تشريع القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة(٢٠٠٤)

قانون التعديل الثاني لقانون السلطة القضائية رقم (١٤) لسنة (١٩٩٢)المعدل

المادة الاولى: تعدل الفقرة الاولى من المادة الرابعة والاربعين من القانون رقم ١٤ لسنة ١٩٩٢ و تقرأ كالاتي:

١- لايحال الحاكم على التقاعد الا بعد اكماله (٧٠) السبعين من عمره و يجوز احالته على التقاعد بناءً على طلبه عند اكماله الثالثة والستين من العمر وفي كلتا الحالتين يستحق المحال على التقاعد ماكان يتقاضاه من راتب و مخصصات قبل احالته على التقاعد.

المادة الثانية:

يجوز تمديد مدة خدمة الحكام الذين اكملوا سن التقاعد الاجباري لمدة خمس سنوات اخرى و لمرة واحدة فقط.

المادة الثالثة:

١- تسري احكام هذا القانون على جميع الحكام العاملين في اقليم كوردستان.

٢- يجوز اعادة الحكام المحالين على التقاعد قبل نفاذ هذا القانون الى الخدمة والذين لم يكملوا سن التقاعد الاجباري.

المادة الرابعة:

لايعمل باي نص يتعارض و احكام هذا القانون.

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د.رۆژ نوری شاویس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی قانونی ئەگەر بیروڕایان لەو بارەیەوە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی مادەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ باشە ئینجا ئەگەر ئەندامەكان هیچ سەرنج و تێبینیەكیان هەیە با بفەرموون، ئەو ناوانەی كە نوسراون، بەڕێزان احمد سالار، د.رزگار، جلال خۆشناو، فەرموو كاك احمد سالار.

**بەڕێز احمد سالار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەست نیشان كردنی ئەو تەمەنە ئەو شەست و سێ ساڵەی دانراوە لە لایەنی زانستیەوە و بەتایبەتی پیشەی دادوەر وەكو لە یاسادا هاتووە دەبێ ئەو كەسەی كە دادوەری دەكات كۆمەڵێ هەلومەرجی تایبەتی هەبێ كە تاوەكو هەلومەرجی هەبێ كە پەیوەندی بە دەروونی هەبێ و تاكو تایبەتمەندی خۆی هەبێ ودادوەر ئەگەر شەست و سێ ساڵ بوو بۆی هەیە داوای خانەنشینی بكات، بەڵام هەندێ هۆكاری تریش هەیە لەو تەمەنە كەمتریش بێ بۆی هەیە خانەنشین بێت، و مادام ئەوە هاتووە حەفتا ساڵ مەعنای ئەوەیە لەوێ پێویستی بەوە نەدەكرد شەست و سێ ساڵەكە بێت، چونكە خۆی بە هەندێ هۆكاری تری تەندروستی دەتوانێ داوایەك پێشكەش بكات كە ماوەی یاسایی تەواو كردبێت یان خانەنشین بێت، كەواتە بوونی ئەوەش زیادە مادام حەفتا ساڵەكە نووسراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو كاك د.رزگار.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەقریبەن قسەکانی من کاك احمد سالار کردی، چونکە تاقەتی ئینسان مەحدودە، یانی حەفتا ساڵ بۆ حاکم قرارێك موتەعلیقە گرێ درایە بە ژیانا خەلکێ دا، یانی حەفتێ ساڵێ ئینسان نەشێ تەرکیزێ بکاتن، ئیللا نادیرەن، یانی خەلکێکی هەی ئیحتیمالە ئیستیسنائیش قاعیدە بێتە کرنێ، بەس نسبەتا حەفتێ ساڵێ بۆ حاکمێ لایجوز یانی ئیللا ئیلزام من قەد مەصلحەت نابینم، دوێش ئیمکانیەتا حاکمێ نسبەتا حەفتا ساڵێ بۆ دەرکردنا بریارا، بریاریش ژ گرێ درایە بە مصیرێ خەلکێ یە ڤە خەلکێك پێ ژ خوسارەت و فایدەت بت من مەصلحەتا دا نابینم کو ئەڤ حەفتا ساڵەش چونکە ستاندەرێکی عالەمی هەی ئەویش وەکو ستاندەرێکی عالەمی سەربچێ و فیعلەن ژیانا تەقاعودی چەندە عومری با ئەویش ئیستیفادە وی تەجروبەی خەلکێکی بکەین و چونکە حەفتا ساڵێ بۆ حاکمێ لە بریاردا نینە و نابێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك جلال خۆشناو.

**بەڕێز جلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بۆ پرۆژەی خاوەن پلە تایبەتیەکان تەمەنی شەست و پێنج ساڵیمان دانابوو بۆ خانەنشین کردن و تەبیعی حاکم ماندووترە لە پلەی تایبەتیەکان و لە هەموو پلەکانی تر، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم خانەنشین کردنی حاکمەکان ببێ بە شەست و پێنج ساڵ لەبەر ئەوەی مادەیەکی تر هەیە ئەگەر پێویستیان پێ بوو حاکمەکە صحەتی باش بوو پێنج ساڵ مەجلیسی وزەرا صەلاحیەتی هەبێ بۆ ئەوەی تەمدیدی بکات ئینجا چ بە عەقد، چ بە تەمدید، بەڵام باشترین تەمەن بۆ تەقاعود کردن شەست و پێنج ساڵە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ئیبراهیم سعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن دوو ڕێگە هەیە بۆ عەرزی مەشاریع لەسەر پەرلەمان، یەکێك مەشاریعی حکومینە و ئەوی تر حەدی قانونییە، یانی دە ئەندام تەقدیم بکات، بەراستی پرۆژەی حکومی حاکم موەزەفی حکومەتە، بۆ دە ئەندامی پەرلەمان تەقدیم بکەن بۆ زیاد بوونی عەمری خانەنشینان، بۆچی حکومەت خۆی وەزارەتی داد پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران ناکات و ڕێگەی قانونی خۆی ناگرێت و ئەوە ئیشی ئەوانە، ئەوان دەزانن کەوا حەفتا ساڵ باشە، یان باش نییە ، بۆ لەلای ئەندامانی پەرلەمان ئەم ئیشە بکرێتن، هەرچەندە حەقی ئەندامانە کەوا عەرز بکرێت، بەڵام من بە تەبیعی تر دەزانم، یانی زۆر جار لە پەرلەمانی تری دنیا پێی دەڵێن مەشاریعی (عرجاء) یانی (crepel) بە ئینگلیزی دەڵێن، ئەو مەشاریعانەی ئەندامان وەکو مەشاریعی حکومی نییە، چونکە حکومەت زیاتر دیراسەتی مەشاریعی خۆی دەکات، زیاتر موتەلیعە لەسەر وەزعی موزەفینی خۆی و بە تەصوری من ئەوە ئەبوایە لەلای حکومەت هاتبایە و نەك لەلای ئەندامان هاتبوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك ابراهیم، هەر لەسەر ئەو باسە کەسی تر هەیە بفەرموێ رای خۆی بدات، فەرموو کاك د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تەمەنەی کە دانراوە حەفتا ساڵەکە من پێم وایە تەمەنێکی باشە بۆ حاکم، چونکە حاکم فەرقی هەیە راستە وەکو موەزەف هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان باسی ئەوەیان کرد کە ماندووترە، بە حەقیقەت وانییە، بە عەکسەوە لە زۆربەی محاکمەکانی جیهان هەتاکو دادگا نێو دەوڵەتیەکان تەمەنی حاکمەکان زۆر گەورەترن لەوەی کەوا لە حەفتا ساڵ زیاترن، چونکە خاوەن خیبرەن بە عەکسەوە، بەڵام ئێمە دەڵێین لە حەفتا ساڵ زیاتر نەبن یانی بۆی هەیە لە نێوان شەست و پێنج ساڵی و حەفتا ساڵی داوای تەقاعود بکات. لەسەر داوای خۆی، یان ئەگەر خوانەخواستە تووشی عاهەیەکی جسمی بوو، یان تووشی نەخۆشیەك بوو یان ئەو توانایەی نەما دەتوانی حەتمەن لە شەست و پێنج ساڵی داوای تەقاعودی بکات، بەڵام نابێ لە حەفتا ساڵ زیاتر بێت ئەمە شتێکی باشە، حاکمەکانی ئێستامان بە دەقیقی نازانین تەمەنیان چەندە زۆر لەوە زیاترن کە ئێمە لێرە دیاریمان کردووە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو حەفتا ساڵە شتێکی زۆر زۆر باشە و شتێکی واقیعیە بە نسبەت ئەمڕۆی کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو زەهرە خان.

**بەڕێز زەهرا حاجی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز بینم حەفتێ ساڵ موناسبە ژبەر چونکێ ئەڤ شەست و سێ ساڵە و شەست و پێنج بۆ دەمەکی شمێز دەبێ وەختەکی متوەستی عومر لە هەمی عالەمێ صحەت خراپ بێت، تەندروستیت وی خەلکیت مرد، هەنوکە صحەتێ پێشکەفتی، وەزعی تەندروستی وی باش بێت، ئەز دبینم حەفتێ ساڵێ باشترین نزوجە زەلامێ خاصەتەن ڤە حوکمداریدا، یانی گەلێ جاران دزڤرن دبێژی فلان حاکم چەند پێگەهشتیا ژبەر خودی عەمری وی حەفتی بووبێ، ژبەر هەندێ ئەز دبینم مادام متوەسیتی عومر گهۆڕیە و صحەتا مرۆڤێ پێشکەتیا حەفتێ سالا موناسەبا ژ حوکاما، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك سید حسن.

**بەڕێز حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە دوو تاریخمان هەیە لێرە شەست و سێ و حەفتامان هەیە، حەفتا بۆ ماندوو بوون نییە، حەفتا بۆیە دانراوە بۆ ئەوەی حاکم رۆژ بە رۆژ مومارەسەی ئەو ئیختیصاصە پیادە بکات لە کارەکەی خۆی دەدا ئەو ئیختیصاص و مومارەسەیە لە قیس میللەت نەچێ و چەندی تاقەتی هەبێ کاربکات، بەڵام شەست و سێ ساڵەکە کە دانراوە بۆ ماندووبونەکەیەتی ئەگەر عاجز بوو بەبێ نەخۆشی و تەبعەن هەر دەمایەك

گوتمان ئەگەر نەخۆش بێ و تەقریری پزیشکی هەبێ ئەوە مەوزوعێکی ترە، بەڵام لە شەست و سێساڵی بەبێ تەقریری پزیشکی حەقی خۆیەتی داوا بکات ئەگەر عاجز بێت، لەبەر ئەوەی ئەو خیبرەی حاکمی لە قیسمان نەچێت، بۆیە حەفتا ساڵەکە جێی خۆیەتی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك مەلا محمدامین.

**بەڕێز مەلا محمدامین عبدالحکیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە کە یاساکان تەحدیدی عومر و ئەو شتانە ئەکەن بۆ تەقاعود، زۆربەی زۆری لە زەرووڕەتەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، لە کاتێکدا کە وولات پێویستی بەوەیە ئەو خەبیرانە بمێننەوە یان بواری خوێندن کەمە یان ئەو مەجالانەی کەوا پڕ ناکرێتەوە مەترسی لەسەرە تەمدید دەکرێ یان تەقاعودەکانیان بۆ تەئخیر دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو خەبیرانە لەدەست نەچن، بەڵام من پێم وایە ئێستا و سەردەمی ئێستا بواری خوێندن زۆر باشە و وەزعی وڵات زۆر بەرەو باشی ئەڕوات و خوبەرائیش زیاتر هەنە، من پێم وایە ئەو برادەرەی کەوا پێشنیاری کرد شەست وپێنج ساڵ بێ زۆر باشە و ئەو خەبیرانە ئەوەی دەڵێن لەدەست دەچن، لە دەست ناچن دوایی دەتوانن ئیستیعانەیان پێ بکرێت و هەتا بۆ حاکمەکانیش بۆ خۆیان ئەوە زۆر باشە کە لە شەست و پێنج ساڵی تەقاعود بکرێن و لێرە نەکرێ بە قەرارێك بە حەفتا ساڵ، من لەگەڵ ئەوەدا نیم و بەش خواردنێکی گەنجەکانیشە ئەوە ئەوانەی کە لە یاساوە دێن بواریان زۆر کەمتر بۆ دەرەخسێ بێن ئەوانیش ئەدای واجبی وەتەنی خۆیان لەو بوارە بکەن، من پێم وایە باشترین شت لەم قانونە شەست و پێنج ساڵەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەختێ کە حکومەتی عێراق دامەزرا لە بیستەکاندا ئەو وەختە عومری تەقاعود بووی موزەفانی حاکم دانراوە بە شەست و سێ ساڵ، ئەو وەختە موعەدەلی عومر زۆر زۆر کەم بوو، بەڵام ئێستا ئەگەر نیسبەی موعەدەلی عومری عام ئەگەر وەربگرن لە عێراق زۆر زۆر پێشکەوتووە، زۆر بەرز بووە لە حەفتا ساڵیش تێپەڕ بووە، یانی حەفتاو پێنج ساڵی ئێستا بەرامبەر شەست و سێ ساڵی بیستەکان و سی یەکانە، لەبەر ئەوە حەفتا ساڵ زۆر زۆر گونجاوە بۆ حاکم، بەتایبەتی حاکمی نەزیە زۆر کەمە ئەوانەی نەزیهن با هەر لە خدەمەدا بمێنن، بڕگەی تریشمان هەیە فاتیکان بۆ تەقاعودی مەتران کردووتیە بە حەفتا وپێنج ساڵ، ئەگەر مەتران ببێتە حەفتاو پێنج ساڵ ئینجا تەقاعود دەبێت و موهیمەی مەتران بە رای من زۆر زۆر لە موهیمەی حاکم گەورەترە، چونکە هەڵدەستێ بە زۆر شتی مەیدانیش، بەڵام هی حاکم هەمووی مەکتەبیە و قەرارات دەدات، لەبەر ئەوە ئەو مەشروعەی هاتووە کە حەفتا ساڵ نووسراوە زۆر لە جێگای خۆیەتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك نعمت.

**بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەو قسەی کە کاك جمیل باسی کرد کە تەمەنی مرۆڤ لە عێراق بەرزبۆتەوە، بە گوێرەی ئەو مەعلوماتەی کە هەمانە وەکو لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەوە تەمەن موعەدەل لە دەوروبەری شەست و شەست وپێنج دایە، هەر ناگاتە حەفتا یانی زۆر کەم بۆتەوە، دووەم بەنیسبەت ئەو یاسایەی کە ئێستا کە حەفتا ساڵ دابنرێ بۆ حاکمەکان قانونی تەقاعودی عێراقی چەندین ماددەی هەیە کە هەر فەرمانبەرێك بە عام دانراوە کە شەست و سێ ساڵ تەواو بکات دەبێ واز لێ بێنێ یانی بە کەیفی خۆی نییە، یانی ئەگەر هاتوو بیست و پێنج ساڵ خزمەتی هەبوو و پەنجاو پێنج ساڵ تەمەنی بوو ئەوە دەتوانێ، بەڵام کە گەیشتە شەست وسێ ساڵ و ئەو شەست وسێ ساڵە بە قانونێك بووەتە شەست و پێنج ساڵ ئەمە جێگای خۆیەتی و لە شەست وپێنجەکەوە تەسبیت بکرێ، ئەگەر ویستمان کەسێك ئیستیفادەی لێ بکرێت لە دەوڵەت ئەوە داوا دەکرێ و ئەوەش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێ، با یاساکە بۆ هەموو کارمەندان و فەرمانبەرانی کوردستان یەك بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش راپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ و لەو ماوەیەی کە عێراق زۆر زۆر حەساس بووە و ئیدارە لەدەست خۆمان بووە، ئێمە هەست بەوە دەکەین کە نەقص هەیە لە حاکم و هەروەها لە ئەدائی ئەو حاکمانەی کە هەن، بەلایەنی کەمی بۆ ماوەیەکی تر بگۆڕێ پاش فەترەیەکی تر ئیجاب بکات باشە، بەڵام ئێستا ئیحتیفاز کردن بەو حاکمانەی کەشارەزاییەکی زۆریان هەیە لە قانون و شارەزاییان لەو کێشانەی کە لە کوردستان هەن ئیستیغنایان لێ ناکرێ، بۆیە من پشتگیری حەفتا ساڵەکە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ کەسی تر لەو بارەیەوە ماوە قسە بکات، ئەگەر نییە منیش حەز دەکەم هەندێ سەرنج و تێبینی خۆم پێشکەش بکەم، فەرموو.

**بەڕێز حسین عارف عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت ئێستا کە لەکوردستان میلاکاتی دادوەری و بەتایبەتی داوەر چوار صنفی هەیە، صەنفی یەك و دوو و سێ و چوار، ئێمە لە چوار دادوەرمان زۆر زۆر کەمە، ئەگەر بێتوو لەوەش کەمتری بکەینەوە لەوانەیە نەقصمان لە میلاکات دەبێ لە بۆ شوێنی تەمییز و ئیستیئناف و دادگای تاوان و ئەو جێگایانە ناتوانین پڕیان بکەینەوە، چونکە ئەوانەی کە ئێستا تەعین کراون هەموویان یان لە پۆلی چوارەمن و یا سێ یەمن کە ئەوە کەمترین پۆلیانە، بۆیە بەرای من ئەگەر لە حەفتا بێت ئەوە زۆر باشە ئەگەر توانی، ئەگەریش نەیتوانی فەقەرەکەی تر وای لێ دەکات خۆی بڕواتە دەرەوە ئەگەر دیتی ناتوانێ لە شەست و سێ دەتوانێ بڕوا، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، ئینجا ئەگەر کەس نەبێ حەز دەکەم هەندێ سەرنج و تێبنیتان پێش کەش بکەم، بەڕێزان ئێستا پێش ئەوەی کەوا لیژنەی یاسایی وەڵام بداتەوە حەز دەکەم هەندێ روون کردنەوە بڵێم تاکو ئەوەش رەچاو بکرێت، جارێ ئەو قسە راست نییە کە حاکم لە وولاتانی تر لە سەرووی شەست و پێنجەوە دەتوانێ هەر کاری خۆی ببینێ، لە وولاتان ئەوەی من ئاگادار بم لە وولاتانی پێشکەوتوو هەر کەسێ هەر کارێکی هەبێ کە گەیشتە شەست وپێنج خانەنشین دەکرێت، ئەگەر ئەو کەسە پێویستیان پێ بوو ئەو حکومەتە یان ئەو کار بەدەستە یان ئەو دائیرەیە داوای لێ دەکات بە عەقد ئیشی لەگەڵدا بکات، یان وەکو راوێژکارێك وەکو مشاورێك سوودی لێ وەربگیرێت، و شتێکی تر هەیە کە ئێمە دەیزانین بۆ بەشەکانی تر تەمەنی حەفتا ساڵی دیاری نەکراوە ئەمە نایەکسانیەك پیشان دەدات ئەگەر بێتو حاکمەکان ئیستیسنا بکرێن و ببن بە حەفتا ساڵی بە شێوەیەك پێویستە ئێمە لەسەر یەك تەمەن رێك بکەوین بۆ هەموو کەسێك، بۆ دادوەر، بۆ مامۆستای زانکۆ، بۆ پزیشك، بۆ ئەندازیار، بۆ هەموو یەکێك لەو پیشانە پێویستە ئێمە لەسەر یەك تەمەنی یەکگرتوو رێك بکەوین و ئەو نایەکسانییە شتێکی باش نییە، لەپاشان ئەوەی کە مەجال دەدات بەوەی کەدرێژبکرێتەوە دیسان ئەوەش شتێکی باش نییە، ئەو یاسایە دەبێتە یاسایەکی لاستیکی کە لەوانەیە هەندێك هۆی شەخصی دەوری تێدا ببینێ، ئینجا لەبەر ئەوە ئێمە با لەسەر ئەوە رێك بکەوین کەوا بۆ هەموو پیشەیەك تەمەنی شەست وپێنج ساڵی تەحدید بکرێت، شتێکی تریش هەیە ئێمە بەراستی دەبێ لەبەرچاوی بگرین ئەوەش ئەو نەوەی نوێ کەوا پێگەیشتوون و ئەوە بۆ حاکمەکان نییە بەتایبەتی بۆ هەمووانە، بۆ ئەوانەی کە گەیشتنە تەمەنی شەست وپێنج ساڵی خانەنشین بکرێن بۆ ئەوەی رێگە چۆڵ بکرێ بۆ نەوەی نوێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئەو جێگایانە پڕبکەنەوە و شوێنیان هەبێ، چونکە وەکو دەزانن لە هەموو دەوڵەتێکی پێشکەوتوو یان حکومەتێکی مەدەنی هەر لە خۆیانەوە خەڵك دانانێن دەبێ میلاك هەبێ، دەبێ ئەو کەسە شوێنی هەبێ لەو دائیرەیە وەکو لای خۆمان نییە وەکو بە لێشاو خەڵك دادەمەزرێنن، ئینجا ئێمە با هەنگاو بنێین بۆ ئەوەی کەوا ببێت بە حکومەتی ئێمەش هەر حکومەتێك بێت دوو ئیدارەکە بێت یان لە داهاتوودا حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بێت بە پێی میلاکات خەڵك دابنرێن، نەك لەبەر ئەوەی خەڵکی رازی بکەین، لەلایەکی تریشەوە ئاورێك لە نەوەی نوێ بدەینەوە، بۆ ئەوەی کەوا نەوەی نوێ ئەو شایانەی کەوا پێویستە وەربیگرن ماوەیان هەبێت واتە جێگایان هەبێت، ئینجا لەبەر ئەوە من بە باشی دەزانم کە بۆ هەموو پیشەیەك تەمەنی شەست وپێنج ساڵی بکەین بە بڕیار و کەس لەوە ئیستیسنا نەکرێت و ئەگەر ئەو کەسە لەهەر پیشەیەکدا پێویستیان پێ بوو ئەتوانن بە رێك کەوتن لەگەڵیدا ئەو پیشەیە بەرەو ڕوو بکەنەوە، زۆر سوپاس.

ئینجا ئێستا با لیژنەی یاسایی ئەگەر روونکردنەوەی هەیە، کاك د. عزالدین قسەت هەبوو، فەرموو.

بەڕێز د. عزالدین مصطفى رسول:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وائەزانم ئێمە چەند یاسایەکمان هەیە تا ئێستا ئەگەر ئەتانەوێ بیکەن بەیەك شتێکی ترە، لەیاسای ئەوقافدا لای خۆمان بۆ ئیمام و خەتیب نەك بۆ مودەریس حەفتا ساڵ دانراوە، ئەوەی هەفتەی پێشووتر کردمان بۆ دەرەجەی خاص و ئەوانە شەست وپێنج و شەست وسێ ساڵ تەمدید دەکرێ و ئەوەتا ئەو کارەساتەی نایەوە لە زانکۆی سلێمانی، هێشتا لە رۆژنامە دەرنەچووبوو، لەوێ خەڵکیان تەقاعود

کردبوو و دوایی ڕاگیرا، ئەگەر یەکی دەخەن با بە وردی لیژنەی یاسایی تەماشای بکات و، شتی وڵاتانی تریش وەرگرێت، ئەو ئیشانەش کە پاش خانەنیشینەکە بە عەقد دەکرێت بە توانا دەکرێت، بەچی دەکرێت، شروتی چییە؟ شەرت نییە کە هەموو کەسێك خانەنشین کرابێت بتوانێ ئیشەکە بکات، یان شوێنەکە ئارەزووی بێت ئیشی پێ بکات و، بەم جۆرەش لە یاسا دەست نیشان بکرێت، مەسەلەی عەقدە بۆ زانکۆ مەسەلەی موحازەرەیە کێ بەکێ ئەوەش بکرێ و، ئەگەر بە هەموویان چاوێك بخشێنیەوە، بەو یاسای دەرجە تایبەتیەکانیشەوە کە جاری پێشوو باسمان کرد، لە زانکۆ هەرایناتەوە، هەمووی تەماشا بکرێت ئەوەی لیژنەی ئەوقافیش کە ماموستاکان لێرە نین، با ئەوانیش سەیرێکی بکەنەوە، ڕەنگە بۆ مەلاکانیش هەر وا بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو د. ناسح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئاگاداری جەنابتان بەنیسبەت ماموستایانەوە، ئێمە لێرە لەم پەرلەمانە تەمەنی تەقاعودی ماموستایانمان تەحدید کرد بە ٦٨ساڵ، یەعنی مانای وایە تایبەتمەندییەکمان دا بە ماموستایان ئەو کاتە لەبەر زروفێکی تایبەتی کە لە کوردستاندا هەبوو، ئەم حەفتا ساڵە من پێم وایە بۆ مەرحەلەیەکی ئینتقالی ئەم حەفتا ساڵە بمێنێ شتێکی باشە، بەلام کە زانیمان ئەمە پێویست بە گۆڕانکاری دەکات، ئەو کاتە دەتوانین دیسان دەستکارییەکی بکەین، بەلام ئێستا پێم وایە ئەم حەفتا ساڵە شتێکی واقیعییە بەنیسبەت کوردستانەوە، حەفتا ساڵی زۆر زۆر باشە، ئێمە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی فراکسیۆنی سەوزیش قسەمان کرد پێمان وایە هەردوولامان ئەم حەفتا ساڵییە شتێکی باشە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە با ئێستا لیژنەی یاسایی وەڵامی پرسیارەکانتان بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی چەند تێبینیەك لەلایەن برادەران هات، بەتایبەتی لەلایەن کاك احمد سالار لای کاك ابراهیم سعید، کاك احمد سالار فەرمووی کە ئەو (٦٣) ساڵەی پێناوێ، ئەو ٦٣ساڵە زەرورییە، چونکە تەسبیت کراوە ، بۆ حالاتی تەبیعی ئیعتیادی، بۆ حالاتی غیر تەبیعی لە پێش ٦٦ یان ٦٠ هەر حاکمێك دەتوانێ پێی بکرێ، ئەگەر نەخۆش بێ تا ئاخیری چی بەسەر هات، ٦٣ەکە شتێکی باشە، ئەگەر بە خۆی نەتوانێ ئیستمرار بکات بۆ حەفتایەکە دەتوانێ خۆی داوای تەقاعود بکات، هەندێك برادەر وتیان فەرز بۆ ببێت بە ئیجبار، ئیجبار بۆیە کرایە، ئەگەر حاکم لە ژێر زەختی سوڵتەی تەنفیزی نەبێت، حاکم ئەگەر لە ژێر زەخت بوو، مانای وایە لە هەموو کاتێك تەئسیری تێدا بکرێ، لەبەر ئەوە ئیحالەی تەقاعود ناکرێ، ئەگەر وەزعی تەبیعی بوو، بەلام ئەگەر خوانەخواستە جەریمەك ئیرتکاب بکات، ئەوە شتێکی زۆر تەبعییە ئیجرائاتی دەرحەق بکرێ، دووەم کاك ابراهیم سەعید فەرمووی بۆ ئەوە حکومەت نەیکرد، مومکینە هەموو ئەندامان بزانن بەدەیان تەڵەب هاتووە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ تەمدید کردنی عومری حاکمان، ئەو حاکمانەی لە مەحکەمەی تەمیزن سێ ساڵیان بۆ تەمدید بکەن، یان دوو ساڵیان بۆ تەمدید بکەن، بەڕاستی بە مەوزوعی

تەمدیدەوە بە هیلاك چووین، لەبەر ئەوە بڕیار درا کە کۆببینەوە بۆ ئەوەی تەمدیدی مانەوەی حوکامان ببین، چونکە مەسەلەی عەقد مومکینە لە هەموو دەوائیرێك بڕوات، بەلاّم بۆ حوکام مەسەلەی عەقد زۆر حەساسە، عەقد ئیلتیزامی زۆر کەمە، حاکمێك موتەقاعیدە دێت بە عەقد ئیش دەکات، لا سامح الله، ئەگەر کەم تەرخەمیەکی لە ئیشەکەی خۆی کرد، تۆ ناتوانی هیچ ئیجرائاتێکی دەرحەق بکەی تا ئیلغای عەقدەکەی نەکەی، بەلاّم پێت ناکرێ تەحریمی بکەی لە حقوقی تەقاعودی بە ئیعتیباری موکتەسەبە پێشی ئەو عەمەلە، بەلاّم ئەگەر حاکمێك لە کاتی وەزیفە لا سامح الله تووشی ئیشێکی خراپ ببێ، دەتوانی وای لێبکەی هەتا مەحرووم بی، چونکە لە قانونەکەی هاتووە چەند حالەتێك هەیە، حقوقی تەقاعودی ئیستیحقاق ناکرێ، لەبەر ئەوە حاکم جێگایەکی حەساسە قەرار دەردەکات، عیلاقەی بە مواتن هەیە، پێویستە ئەو کابرایە هەست بە ئیلتیزام بکات، عەقد ئیلتیزامی تێدا نییە، زۆر زۆر ئەگەر عەقلیان ئیشەکەی نەگرت ئیلغای عەقدەکە دەکەن و دەڕوات، برادەران وتیان حاکم ناتوانێ بە حەفتا ساڵ بێت، ئەگەر پێتان بڵێم لە ٨٠٪ حاکمی مەحکەمەی تەمیزی ئێرە عومریان لە هەشتا ساڵ زیاترە و، ئیشیش دەکەن، لە ڕاستیدا پێویستە ئەو خالاّنەی کە برادەران ئیشارەتیان پێدا وەکو کاك سعدی و د. ناسح ئەو خیبراتانە پێویستمان پێیان هەیە، ئەو خیبراتانە نابێت لە کوردستان بڕۆن، چونکە ئێستا ئەگەر بڕۆن پەل دەکەوین، دوایش ڕێگا لە گەنجەکان ناگرن، چونکە هیچ شەرتی عومر بۆ گەنجەکە دانەنراوە، گەنجەکە بۆی دانراوە کە ١٠ ساڵ موحاماتی هەبێت خیدمەی قەزائی هەیە، حەقی هەیە کە دادوەر ببێتە حاکم، لەبەر ئەوە ئەو کابرایە ڕێی ناگری و، ناشتوانی بۆ جێی ٦٥ کە یەکسەر باز بدات، دەبێت بە تەدریج بڕوا، دەرەجە چوارەو سێیەو دووە ئینجا یەکە، دەگاتە ئەو مەراحیلانە، ئەویش مودەی هەیە، ئەوە چوار ساڵە و، پێنج ساڵەو، دە ساڵە، ئینجا ئاخیری مومکینە زۆر بێت مَن لەبەرم نەبێت، ئێمە وەکو لیژنەی یاسای حەفتا ساڵەکە لەلامان ستاندەر و، لاشمان لە ماددە دووەکە وەلەو نەهاتیە لامان وایە ئەو پێنج ساڵەی کە قابیلی تەمدیدە، ئەو پێنج ساڵە مەفروزە نەمێنێ، لە حەفتا ئیتر بڕوات ئەو حاکمە، هیچ مەجالێك نەبێت لە هیچ لایەکەوە تەمدید بکرێ و بە عەقد، لەبەر ئەوە بەرەئی ئێمە پڕۆژەکە زۆر لە جێگای خۆیەتی بەنیسبەت ماددە یەك و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی قسەکانی تەواو بوو، باشە پاش ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، ماددە بە ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە، ماددەی یەکەم دەڵێت(لا يحال الحاكم على التقاعد إلا بعد إكماله(٧٠) السبعون من عمره ويجوز إحالته على التقاعد بناءً على طلبه عند إكماله الثالثة والستون من العمر وفي كلتا الحالتين يستحق المحال على التقاعد ما كان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل إحالته على التقاعد)، ئێستا لەبارەی ئەمەوە زۆر قسەمان کرد دوو بیروڕا هەیە، ئایا حەفتاکە وەکو خۆی بمێنێتەوە یان بگۆڕێت، پێش نیازێك هەیە، کەوا بکرێت بە (٦٥)، ئێستا ئەو پێش نیازە دەخەینە دەنگەوە، ئەگەر سەر نەکەوت ئەو کاتە دەگەڕێینەوە سەر حەفتاکە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو تەمەنە بگۆڕێت، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا ببورە، دەبێت ئەسڵی پڕۆژە یەکەم جار بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەیان جار لە پرۆژەکانی جیهاندا بەشدار بوویمە، ئەوە باش دەزانم لە پێشدا ئیقتیراح دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵێ فەرموو کاک جەلال خۆشناو.

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکەرەش فەرمووی ئەگەر حەفتا ساڵەکە بمێنێ، لە ماددەیەکی تردا پێنج ساڵ هاتووە بۆ تەمدید، ئەو پێنج ساڵە نەمێنێ، لەبەر ئەوە حەفتا ساڵ زۆر باشە، یەعنی ئێمە کە پێش نیازمان کرد ٦٥ ساڵ، ٦٥ دەکە ساف ئەگەر لە ٧٠ ساڵ تەواو بی بە یەکجار زۆر مەعقولە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لێکۆڵینەوە تەواو بووە، دەیخەینە دەنگدانەوە، باشە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لە جیاتی ٧٠ بکرێت بە ٦٥، یا دەستی بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، کێ بێ دەنگە، کێ دژە، باشە ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ٧٠کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، کەواتە بە زۆربەی دەنگەکان حەفتاکە ماوە، ئەم دەنگدانە تەنها بۆ ئەوەیە کە عومرەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئێستا ماددەکە دەخوێنینەوە جارێکی تر(لا یحال الحاكم على التقاعد إلا بعد إكماله(٧٠) السبعون من عمره ويجوز إحالته على التقاعد بناءً على طلبه عند إكماله الثالثة والستون من العمر وفي كلتا الحالتين يستحق المحال على التقاعد ما كان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل إحالته على التقاعد)، کێ لەگەڵ ماددەکەیە وەکو ئەو شێوەی کە خوێندمانەوە، کێ دژە، کەواتە بە زۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا، ماددەی دووەم دەڵێت(يجوز تمديد مدة خدمة الحكام الذين اكملوا سن التقاعد الاجباري لمدة خمس سنوات اخرى ولمرة واحدة فقط)، لیژنەی قانونی فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای ئێمە ماددەی دووەم نەمێنێ، لابردرێ، چونکە حەفتا ساڵ کفایەتە، ماددەی یەکەم دەتوانم بڵێم باسی ئەو ماددەی کردیە، ئەو ماددەیە لابردرێ نەمێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەو بارەیەوە دەیەوێت قسان بکات.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری ڕەئی لیژنەی قانونی دەکەین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک ڕزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار لیژنەیا قانونی زۆر لە جێگای خۆیەتی، چونکا تەمەنێ تەقاعودی ڤێ حەفتایە ئەوی دی زێدەیە، زۆر سوپاس، پشتیڤانی وان دکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جمیل عبدی سندی، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر حاڵەتێك ئیستیسنائێت خۆی هەن، ژبەر هەندێ ئەڤ مادده کو رەئیسی حکومەت حەقی هەبێتن کو زۆر پێویستی بە حاکمێکی نەزیهو بەتوانا هەبێت و، شەخسیەتێکی زۆر ناسراو بێتن، لەبەر ئەوە ئەو حاڵەتی ئیستیسنائییە زۆر زەروورییە هەبیتن کو رەئیسی حکومەت بۆ هەبیتن تەمدیدی بکاتن بۆ پێنج ساڵ بۆ یەك جارا، هەروەکی پێش ئێستاش من گوتی ڤاتیکان بڕیاری داوە تەقاعودی مەترِان ٧٥ ساڵە، ئەو پێنج ساڵەی ئیزافە بکەین ئینجا دەبێتە ٧٥ساڵ، لەبەر ئەوە ئەو مادده زۆر پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتاانەوێ وەڵامیان بدەنەوە لیژنەی قانونی، فەرموو کاکە رەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە موبەرر نییە، کە سەرۆکی حکومەت پێویستی بە حاکمێك هەبێت بیهێنێت، ئەگەر پێویستی بە حاکم هەیە با بێت کابرایەك بهێنێت بیکات بە موستەشار لای خۆی دایبنێ، بەڵام بۆ سیفەتی حاکم بێت، حاکم پاشی حەفتا ساڵی کافییە، کابرایەك ئیشیان پێیە با بیهێنێ لە تەنیشتی خۆی ئەمرێکی بۆ دەربکات، بڵێت کردمە موستەشاری قانونی خۆی، بەڵام بە سیفەتی حاکم پاشی حەفتا ساڵی، بۆ حاکم بەسە پاش حەفتا ساڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك احمد فەرموو.

**بەڕێز احمد تاهیر نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە دادوەر (حاکم) کە تەمەنی دەگاتە (٧٠) حەفتا ساڵ خانەنشین بکرێت، بۆ ئەوەی ماوە بە گەنج و لاوەکانمان بدرێت کە دەرچوانی کۆلیجی یاسان بێن دەوری یاسایی خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا ببینن، ئەمەش (سنة الحياة)ە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پاش ئەوەی کە هەمووتان قسەتان لەسەر کرد، پێش نیازێك هاتووە کە دەڵێت ئەو ماددەیە زیادە لابرێت، ئێستا ئەو پێشنیازە دەیخەینە دەنگدانەوە کە ئەو ماددەیە لا ببرێت، کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ ئەو پێشنیازە پەسەند کرا، کە ئەو ماددەی لابرێت، ئێستا ماددەی سێیەم دەبێت بە دووەم، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

١-تسري احكام هذا القانون على جميع الحكام العاملين في اقليم كوردستان.

٢-يجوز إعادة الحكام على التقاعد قبل نفاذ هذا القانون الى الخدمة والذين لم يكملوا سن التقاعدي الاجباري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بیروڕای لیژنەی قانونی چییە پێمان بڵێ.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەسڵی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ پێشنیاری هەیە، کاك جمیل، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سنی ئیجباری ٦٥ ساڵ بوو، ئێستا بوو بە ٧٠، لەبەر ئەوە سنی ئیجباری ببێت بە سنی ٧٠ تا ئیشکالی تێدا نەبێت لە ناحیەی مالی و دائیرەی تەقاعود هیچ ئیشکالاتی تێدا نەمێنێت، لە جێگای تەقاعودی سنی ٧٠ی تێدا بیتن، چونکە هیچ ئیشکالی تێدا نابیتن، چونکە ئەوانەی تەقاعود کران پێش ئێستا بە سنی تەقاعودی بوون ئەو کاتە تەواو بوو قانونەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بیدایەتی ماددەی یەکەم لە فەقەرەیەك دەڵێت (لا یحال الحاکم على التقاعد الا بعد اکماله ٧٠)، مانای وایە ئەو ٧٠ بوو چ لە تەقاعودی ئیجباری، لەبەر ئەوە حاجەت نییە، دووبارە ئەو کەلیمەیە تکرار ببێتەوە، قانون ئەوەندە تکراری تێدا هەبێت جوان نییە، مع التقاعد الاجباری لە فەقەرەی یەکدا هاتووە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات وازیحە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ابراهیم، فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە (تسري) نییە (یسري)یە، یسري احکام هذا القانون، ئەگەر (تسري هذه المادة)، (یسري احکام هذا القانون)ە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچ تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، بەو شێوەیە بمێنێتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

المادة الثانية:

١-تسري احکام هذا القانون على جميع الحکام العاملين في اقليم کوردستان.

٢-يجوز إعادة الحكام على التقاعد قبل نفاذ هذا القانون الى الخدمة من الذين لم يكملوا سن التقاعدي الإجباري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، زۆر سوپاس، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

المادة الثالثة:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەی، زۆر سوپاس، کێ لە دژە، بە گشتی وەرگیرا، ماددەی پێنجەم، ببورن ماددەی چوارەم.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە، کێ لە دژە، بەگشتی وەرگیرا، زۆر سوپاس، ئینجا قانونەکە هەمووی بەو گۆڕانکارییانەی کە لە سەری کرا بەتایبەتی ماددەی دووەم کە لابرا، کێ لەگەڵدایە، کێ دژە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا بەرنامەی ئەمڕۆمان کۆتایی هات، وەکو بڕیارمان دا ئەو خاڵەی کەوا دواخرا ئەخرێتە کۆبوونەوەی داهاتوو ڕۆژی سێشەممە سەعات ١٠ لێرە دەبێت و، هەروەها چاوەڕێی بیروڕای لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار دەکەین و، هەروەها لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی بیرەڕای خۆیان دەربڕن، بەرامبەر ئەو پڕۆژەیەی کەوا پێشکەش کرا و خوێندرایەوە، هەروەها بە ڕەچاوکردنی پڕۆژەکە کە لەلایەن ئیدارەی سلێمانییەوە هاتووە لەو بارەیەوە، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. کمال عبدالکریم فوئاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**